**ئایدیۆلۆژیا تێۆرێکە بۆ هۆش، هۆشی تاک و کۆمەڵگا بە خۆی و شوناسنامەکەی ، بە پلەو پایەی کۆمەلایەتیی و دەورە مێژوویەکەیەوە. ئەم ململانیە ئایدیۆلۆژیەکانی بواری بیروباوەر کە ململانێی نێوان شێوە جیاوازەکانی هۆشە، وجیاوازی نێوان تێۆر و دژایەتی نێوان مەزهەبەکان بەرجەستە بکات، ئەوە پرۆژە ئایدیۆلۆژیەکان دوولایەنەن ئەو پرۆژانەی مۆرکی دۆگمایی و ئامانجی پەیامبەری و رزگارکەریان هەیە ،بەو مانایەی لە لایەک هۆش بەرهەم دێنێ و ئەیگوێزێتەوە ، بە رادەی ئەوەش ئەبێتە هۆی رێونکردن و تێکدان ، بە تایبەت کە مێژوو وناهۆشمەندی و وەهم و هەڵخەڵەتاندن رۆڵیان لە پێکهێنانی هۆش و بریارەکانی عەقڵ و بەرێوەچوونی مێژوو هەیە .**

**گومانی تێدا نیە ئایدیۆلۆژیەکان بوون بە هۆی گۆرینی مێژوو، بەلام گۆرینەکە بەو شێوە نەبووە کە خاوەنەکانیان ویستوویانە یاخود بەو جۆرەی خەڵکی چاوەروانی لێ کردوون . لەم سەدەیەدا دوو جەنگی جیهانی بەرپابوون ، گەلان لە ولاتانی خۆیان دەربەدەرکران و، هەندێ گروپی کۆمەلایەتی بە یەکجاری بنبڕ کران ، هەندێ قەسابخانەی مرۆیی بەرپاکرا کە مێشک قبوولیان ناکات ، سەرەرای ئەو هەموو کارە دڕندانەی لەژێر پەردەی پێشکەوتنخوازی و رزگاریخوازی و ، بەهۆی تێوەرەکانی هۆش و ئیمپریالیزمی مانا وفەلسەفەکانی شوناسنامەو داوا ئسولیەکان بەرپاکران.**

**بێگومان لەم بارەیەوە نامەوێ زێدەرۆیی بکەم واتە نابێ هەرچی بەرپرسیاری شۆرش و تەقینەوەکان هەیە بیخەمە ئەستۆی پەرتووک ، یان فیکرەکان بە بەرپرسیاری تاوانبار بکەم بەرامبە بە بەرپابوونی ململانێ و جەنگەکان، بۆ ئەوەی وەکو گروپی ( فیکری ئەمنی ) مان لێ نەیەت کە لەم دواییە خوێندمانەوە ، تاوەک وەکو ئەو کابرایەمان لێ نەیەت کە جارێکیان بە رووی ریجیس دۆبریە دا هاواری کردو ووتی کتێبەکەی تۆ (( شۆرش لە نێو شۆرشدا )) منی گەیاندە زیندان.**

**بەم مانایە من لەگەڵ ئەوانە نیم کە ئەڵێن شۆرشی فەرەنسی فەیلەسوفەکان بە فیکرو پەرتوکەکانیان دروستیان کرد ، بەڵکو وای ئەبینم ئەم شۆرشە گۆرانکایەکی مێژوویی بوو هەموو هێزە چالاکەکانی کۆمەڵ لە رۆشنبیر و نا رۆشنبیرەکان تێیدا بەشداربوون.**

**بەرامبەر بەمەش نابێت لە قسەکردنمان لەسەر کاریگەری سلبی و روخێنەری شۆرشە زانیاریەکان بۆ سەر فیکرو هۆش و بیری زانیاری زێدەرۆیی بکەین، بە تایبەت ئەوانەی بەرگری لە ململانێی ئایدیۆلۆژی و سەردەمی ئایدیۆلۆژیا ئەکەن ئەو ئایدیۆلۆژیانەی ئێمە مەبەستمانە کاریگەری سلبیان هەبووە خاوەنەکانیشیان بە هەمان رادە لە میانەی یەقینە دۆگماییەکانیانەوە کاریان لەسەر کورتکردنەوەی واقیع کردوە ، بە هەمان رادەش وا مامەڵە لەگەڵ تێۆرو مەزهەبەکان ئەکرا وەک ئەوەی لە خەڵکی و کۆمەڵگا لە پێشترن . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە زاناو خاوەن هزرەکان لە هەڵسوکەوت و حوکمەکانیان بەرەحمترو نەرمرەو نەبوون لەچاو ئەوانەی بازاری دراویان**

